# ئەستێرە گەشەی ئاسمانی شارەزوور
# « سولتان ئیسحاقی بەرزنجی »

هاشم کاکەیی

بەشی دووەم وکۆتایی

لە ئەنجامدا ئەڵێین ئەو زاراوانەی لیٚیان دواین بۆ ناوی ڕێبازەکەی ئیسحاق ناشێن ، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو خەڵکەی گۆرانو تیرەو هۆزەکانی کورد لەوانەی لەسەر ڕێبازەکەن ناگرنەوە ، هۆی سەرەکیش پەیدا بوونی زاراوەی (ئەهلی هەق)ە ، لە لایەن خۆیانو خەڵکی نامۆی ڕێبازەکەوە . ئەهل هەق بە واتای (گرۆی هەق ناسان ، هەقیقەت پەرست ، گرۆی خوا ناسان) دێتو ئەم ڕاستی‌یە لە سروودو ئەدەبی ئایینی ڕێبازی ئیسحاق پێش چاو ئەکەوێت وەك هاتووە ئەڵێ :

**«سوزیای سەرووەش جەور جەماڵم**
**مەناڵم پەی (حەق) ، پەی حەق مەناڵم»** (٤٠)
**«یاران یاوەران (ڕای حەق) ڕاستی‌یەن،**
**(پاکی)و (دروستی)و (ڕەدا)و (خاسی)یەن»** (٤١)
«هەرکە وێش ناسا محمد ئاسا
بیٚ‌شك ئەو کەسەیچ مەولا شوناسا» (٤٢)
**«شیشەی دڵ ساف بۆ چون ئاو زەم زەم**
**ئیمجار دیار مەبۆ شوعلە چە تۆی شەم**
**(ئەهل هەق) دایم مۆ نۆش کەرۆ سەم**
**ساکنو سکووت دڵ بارۆ وە هەم»** (٤٣)

کەوابوو ئەمانەسووتاوو سەرخۆشو پەروانەی (حەق)نو ، بۆ حەق دەناڵێنن . دیارە ڕێگای حەقیش ، ڕێگایەکی ڕوناكو پاكو بیٚ خەوشە .

## نەرێتو مێژووی پەیدا بوونی ئەم ڕێبازە :

ئەم ڕێبازە سی‌سەد ساڵ پێش پەیدا بوونی ئیسحاق لە کوردستان دا ویستوویەتی سەر هەڵ بدا بەڵام سەری نەگرتووەو نەچووەتە سەرو ئەو باوو برەوەی نەبووە لە هەموو ئەو دەورو زەمانەی پێش پەیدا بوونی ئیسحاق بەرزنجی . (شاخۆشین)و(بابا ناوزی سەرگەتی) ئەمانە نەیان توانیوە



گوندی هاوار

ڕێبازەکە دامەزرێنێ و لەناو خەڵکدا بڵاوی بکەنەوە تا پەیدا بوونی سوڵتان ئیسحاق و دامەزراندنی بە شێوەیەکی ڕەسمی و گەشە سەندنی لە سەر دەستی ئەمدا . واتە ڕێبازی ئەهلی هەق لە سەردەمی سوڵتان‌دا ڕەواجی بووەو دامەزراوە . جا ئەو (دەورە = سوور) انەی ناسراون بە ، دەورەی خوشین (٤٠٠ك) و دەورەی ناوزی (٥٠٠ك) ، بەسەر هاتی ئەمانە لە سەردەمی ئیسحاق و لەشاری پردیوەر درکێنراون و بەسەر هاتیان نووسراوەتەوە ، هیچ نووسراوێك بڵاو نەبووەتەوە پێش ئیسحاق . بۆیە خەڵکی ناموی ئەم ڕێبازە وا تێ گەیشتوون ، ئەم ڕێبازە شاخۆشین لە لورستانەوە هێناویە شارەزوورەوە ! دیارە ئەمەش لە ڕاستی‌یەوە دوورە ، چونکێ ئەگەر کەسانێکی زۆر یا کەم دەستگیری ئەم ڕێبازە بووایەن پێش سوڵتان ئیسحاق ، ئەبێ ناوبان چی بێ و چییان پێ وترابێ ! ؟

ئەم ڕێبازەی ئەهلی هەق ئیسحاق لە کوردستان‌دا بڵاو بووەتەوە ، ئەو کاتەش سنوور لە نێوانی نەبووە وەکو ئەم سەردەمە کە ئەوترێ کوردستانی عێراق و ئێران . . بۆیە هەڵ ناگرێ بوترێ ئەم ڕێبازە لە ئێرانەوە هاتووەتە کوردستانی عێراق ! ئەوەیش دیارە ، کاتێ ئیسحاق ڕێبازەکەی لە ناو گۆرانەکانی شارەزوورو هەورامان بڵاو کردەوە ، زۆر پەرەی سەندو گەیشتە ئەو دیوی ئەم سنوورە دیاری کراوەی ئەمڕۆ ، واتە هەر وەکو کۆچ و بار کردنی هۆزو تیرەکانی کورد لە یەك شوێن نەگیرساونەتەوە . بۆ نموونە عەشیرەتی زەنگەنەو جاف و لورو لەك ، گۆران و کاکەیی . . هتد لە کوردستانی هەردوو لا هەن ، ئەمەش لە پاش دیاری کردنی ئەو سنوورەی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی و ئێرانی سەفەوی‌دا هاتە کایەوە . . کە بەشێ لە هۆزە کوردەکانی عوسمانلی درانە ئێران و بەشێکیش کەوتنە ئەم دیوی سنووری عوسمانلی بوونە سەر بە خاکی عێراق عوسمانلی و بەم جۆرە هۆزە کوردە کانیان لەیەك دابڕی[٤٤] .

لەپاش ئەم پێشەکی‌یە ئەڵێین : پەیدا بوون و هاتنە کایەوەی ئەم ڕێبازە سۆفیزمەی هەق سوڵتان ئیسحاق کوڕی شێخ عیسێ بەرزنجی ئەگەڕێتەوە سەر تەریقەتەکانی ئیسلامی و ئەو ڕێبازانەی بە درێژایی مێژوو لە ناو گەلانی موسڵمانان‌دا هاتنە دی و کار تێکردنی بەو فەلسەفە سۆفیەتی‌یە گەورە پیاوانەی نەتەوەکانی ڕۆژ هەڵات . کاتێك پێغەمبەری ئیسلام محمد (د . خ) جیهانی ئیسلامی جێ هێشت و یارانیشی نەمان . . لەناو کۆمەڵگای ئیسلام‌دا ، چەند ڕێبازێکی ئایینی پەیدا بوون ، کە پاشان تەریقەتەکانی ئەهلی تەسەوف لەسەر بناخەی ئەو ڕێبازانە هاتنە ئاراوە . تەریقەت و ڕێبازەکانیش هەموو لە ئیسلامەوە سەرچاوەیان گرتووە ، هەر چەندە بە ناوی برێ گەورە پیاوی ئایینی‌یەوە ناو نراون ، ئەمەوانەگەیێنێ ئەوان پەیدایان کردون . بەڵکو بریتی‌یە لە نووسین و دارشتنی ڕەوشت و بیرەکان لە قاڵبێکی جواندا بۆ خەڵکی موسڵمان تا بتوانن بە شێوەیەکی ئاسان سوودیان لێ وەرگرن و بە هەڵەدا نەچن . ڕێرەوو ڕێبازی تەسەوفیش بریتی‌یە لە ڕێڕەوی گەورە پیاوانی خواناس و هەقیقەت پەرست ، ئاوات و ئامانجی ڕێبازەکان لە ڕاستی‌دا یەکێکەو هەمووشیان هەوڵ و تێکۆشانە بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی پاکی خواناسی و ئەنجام دانی فەرمانەکانی یەزدان بە زایەری و نهێنی و بە زمان و دڵ و دەروون ، سەرچاوەی ڕاستی خواناسیش واتە پلەی یەقین و باوەڕی تەواو .

ڕێرەوەکان لە گەڵ یەکدا جیان و ئەم جیاوازی یەش تەنها لە بەرگی دەرەوەدا بەدی ئەکرێ نەك لە ناواخنی خواناسی . هەر سەر زنجیرەیەك ، واتە گەورە پیاوێکی ڕێرەوەکان وەك : (بایەزیدی بەسطامی ، شێخ عبد القادری گەیلانی ، بهاء الدین نەقشبەند ، احمد رفاعی ، عومەر سهروردي ، مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی ، سوڵتان ئیسحاق بەرزنجی . .) .



دوو دەستگیربووی ئەم ڕێبازە

ئەمانە کە گەییونەتە ئەو پلەیەی ببنە سەر زنجیرەیەك ، هەر یەکەیان ڕێڕەوو ڕەوشتێکی جودای لەوی تریان داناوە بۆ پەیڕەوانی خۆیانو ڕچەیان بۆ کوتاون تا لە هەوارگەی (فەنا) [٤٥] تێ پەڕیوونو گەیشتوونەتە مەنزڵی (بەقا) [٤٦] و هەر یەکەیان زیکرو بیری تایبەتی خۆیان هەیە ، لە ناواخنی خواناسی‌دا لە گەڵ یەکتر جیاواز نین . کەوابوو لە گەڵ بوونی جیاوازی لە نێوانی زیکرو بیری ڕێڕەوەکان‌دا . . بەڵام ئاواتو ئامانجی هەموویان یەکێکەو گەیشتنە سەرچاوەی ڕاستی خواناسی‌یە کە تاكو تەنهاو بێ هاوتایە . جا هەر یەکێك لەو ڕێڕەوانە دەستوورو سیستەمو دابو نەریتی تایبەتی خۆیان هەیە وەك : پەیڕەوی کردنی دەنگی بەرز ، دەنگی نزمو بێ دەنگی ، زیکرو سەمای تایبەتی بە هۆی ئامێرێکی موسیقاوە . ئەمانە هەموو هەوڵدانە بۆ پێ گەیاندنی باوەڕو تاراندنی تەمو تاریکی لە دڵ داو چەسپاندنی نووری خودا لە دڵو دەروونو گەیاندنی (موریدان) بە باوەڕی (عین الیقین) . جا هەر یەکەیان وەکو پێشتر وتمان . . بە شێوەی تایبەتی خۆی بە گوێرەی نەخشەو بۆچوونی پسپۆڕەکەیان یانێ موجتەهیدەکەیان کە نەخشەی بۆ داناونو خوا هیدایەتی داون بۆ دۆزینەوەی . ئەم ڕێبازەی سوڵتان ئیسحاقیش لەو ڕێبازو ڕێڕەوە سۆفیەتی‌یە ئیسلامی یانەوە ئاوی خواردوەتەوەو چەکەرەی کردووە ، لە نیوەی سەدەی حەوتەمی کۆچی لە ناو هۆزەکانی (گۆران)ی کوردستان‌دا پەرەی سەندووە .

سوڵتان ئیسحاق بەرزنجی بەوەوە نەوەستاوە کە ڕێبازی ئایینی‌یەکەی بە ساکاری‌و دوور لەبارو دۆخی کۆمەڵایەتی لە ناو خەڵکی گۆرانەکان بلاو بکاتەوە ، بەڵکو ئەو بایەخو گرنگی بە باری ژیانی کۆمەڵایەتیش داوەو کارێکی وای نواندووەو بیری لێ کردووەتەوە کە ژیانێکی بێ‌خەوش‌و پڕ لەبرایەتی‌و یەکسانی‌و دۆستایەتی لە نێوانی یارانی‌دا بچەسپێنێ ، بەوەی هەر یەکەیان خوشكو برای ئەوی دی بێ لە کۆمەڵگای ئەهلی هەق داو مافیان لە هەموو لایەنێکەوە چون یەك بێ ، هەر یەکەیان ڕاست کەرەوەی باری لاری ئەوی دی بێت ، سەریان لە ڕێی خوداو یەکتردا بەخت بکەن ، قینو ڕقیان بەرامبەر بەیەك نەبێت ، خۆیان لە پیاو کوژو درۆزن دوور بگرن ، لایەنگری مافی هەژاران بن . لە گەڵ ئەمانەش‌دا سوڵتان هەموو هەوڵو کۆششی ئەوە بووە . ، ناوەڕۆکی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بە یارانی‌و کوڕەکانی‌و موریدەکانی تێ‌بگەیێنێ‌و بە شێوەیەکی ڕاستەقینەو بە پێی مەبەستە ئایینی‌یە سەرەکی یەکەو تەنها بریتی نەبێت لە چەند کارو کردەوەیەکی ڕواڵەت وەکو نوێژو ڕۆژوو گرتن . . ئەم بیرو باوەڕە پاکەی سوڵتانو یارانی ، کاتێ لە ناو کوردەواری بلاو بووەوە ، خەڵکی دەورو بەریان لەپێش‌دا ڕێبازەکەیان بە ڕێبازێ نامۆو ناپەسەند هاتە پێش چاوو کەوتنە بەرپا کردنی پرۆپاگەندە لە دژیانو هێرش بردنە سەریان بەهۆی زاناو مەلاو شاعیران [٤٧] بە هیوای ئاوارە کردنیان لە مەڵبەندی شارەزووری پانو بەرین ! هۆی ئەو جۆرە پرو پاگەندانەش ئەوە بووە گوا ، ئەمانە وازیان لەچەند مەناسیکی ئایینی هێنابوو . . کاتێکیش بڕوانینە نووسراوو کەشکۆڵە پیرۆزەکانی ئەهلی هەق ، ئەبینین پڕن لە مەلاو زاناو دانای هەموو جۆرە تیرەو هۆزەکانی کوردو هاتوونە سەر ڕێبازەکەو لە کردارو گوتاری پێشینیان پەشیمان بوونەتەوەو بە یارو سۆفی‌یەکی ڕاستەقینەی ئیسحاق دانراون ! ئەهلی هەقەکان بڕوایان بەوە بووە کە مرۆڤ لە ناوی ناوەوەی یەقینی هەبێتو سوژدەی یەزدانی گەورە بکات ، نەك تەنها بە کردنی چەند جوڵەیەکی ڕواڵەتی‌و خۆ پیشاندانێك ، بەجۆرێ خەڵکی بەو سوژدەو جوڵەیە خۆیان ڕابهێنو هیچی تر . پاشان وا دەر ئەکەوێ ئەمانە لەو بڕوایەدا بوونە کە زیکرو ویردو بابەتەکانی نوێژو ئەنجام دانیان لە شوێنی تایبەتی‌دا بکرێو هەر خوا خۆی پێی بزانێ . .



هەواڵنامەی کتێب & KURD ARSHIV

باشترو پەسەندو گەیشتو ترە لەوەی بە ڕواڵەت پیشان بدرێو بکرێ ![٤٨] ئەمەو ئەمانە ئەوەندە لە ئایینو تەسەوفو فەلسەفەی سۆفیزمو خواناسی‌دا قووڵ بیوونەوە بە ڕادەیەك لە لایەن خەڵکی‌یەوە بە شێت ناو نراون[٤٩] ، دیارە ئەمەش مقامی (فناق الله) یەو ئەو کەسانە ئەوەندەیان بیر کردووەتەوە لە خودا ، تاکو تێیدا تواونەتەوە . ئەمانە وەك هەر کۆمەڵە سۆفی یەکی تری ڕێبازو ڕێڕەوەکان زۆر دەم جەزبە گرتوونیو بێهوش کەوتوونو وشەکانی (حەق حەقو هو هو) لەسەر زاریان بووە . جا لە کاتی (جەزبە = حاڵ) لێ هاتن‌دا ، کە جۆرە سەربەستی‌یەکی بیرکردنەوەو قسە کردنی تێدایە ، قسەی سەر سوورهاوەری وایان لەزار دەر پەریوە . ناوچەکانی دەورو بەریانیان ورووژاندووەو وایان لەو خەڵکە کردووە کە بڵێن ئەمانە گومڕاو سەر لێ شێواون ، یاخود لە ئایین لایان داوە[٥٠]

گەورە پیاوانی ئەم ڕێبازەی سوڵتان ئیسحاق ، بیرو باوەڕو تیوورەکانی فەلسەفەی سۆفیزمی پیاوەکانی ئەم مەیدانە کاری تێ کردبوون . . بە تایبەت فەلسەفەکانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمیو حوسەینی مەنصور هەلاجو شێخ محی الدین عربیو شێخی ئیشراق . . جا ئەمانە لە زۆر شوێنو جێگاو مورشید فێری ڕەوشتو بابەتەکانی زیکرو فیکری سۆفی‌یەتی ببون ، ئەشێ بیری وای فەلسەفی سۆفیزمی تێدا بەدی بکرێ کە لە قسەو بۆچوونی ئەو چەند پیاوە گەورانەی تەسەوف دا ئەبینرێن . (تەسەوف) بە گەلێ جۆرو شێوە لێ کۆڵینەوەی دەربارە کراوەو بە ئێمەیان ناساندووە ، بەڵام ئەتوانین بڵێین :

«هەر یەکێك لەو گەورە پیاوانەی تەسەوفیان بە ئێمە ناساندووە هەر یەکەیان دەست نیشانی ئەو (حاڵ)و(مقام)ەیە کـــە ئەوی تێدا بووە ، یان هی دەسکەوتێکی تایبەتی (مەعنەوی) هەر یەکێ لەو گەورە پیاوانەیە . . . چونکێ باخی زانیاری تەسەوف باخێکی زۆر گەورەیەو بێ پایانەو ڕازاوەتەوە بە هەزاران جۆرە میوەی (مەعنەوی) ، فەرموودەکانی هەر یەکێ لەو گەورە پیاوانە باسی میوەیەکە خۆی خواردویەتیو باسی گوڵێکە خۆی بۆنی کردوە ، دیمەنێکە لە جیهانی (موشاهەدە) و (موراقەبە)دا خۆی دیویەتی . .»[٥١] .

ئێمەیش بە گوێرەی ئەم پێناسەی سەرەوە ، با لامان سەیر نەبێ ، کاتێ سوڵتان ئیسحاقو سۆفی‌بە پێ گەیشتووەکانی باسی دیمەنێکیان لە جیهانی موشاهەدەو موراقەبە بەچاو خۆیان دیتێو وتبێ ، بە شتێکی نامۆو ناپەسەند نەیەتە پێش چاو . . چونکێ زۆر کەس لە ئێمە ئەو جۆرە میوەیەمان نەخواردووە ، یان ئەو جۆرە گوڵەمان بۆن نەکردووە . . زانیاری تەسەوف بۆ دوو شت تێ ئەکۆشێت کە پەیوەندن بە یەکەوە ، **ناسینی خۆو ناسینی خوای گەورە** . لەم بارەیەوە وتراوە **یەکێ خۆی نەناسێ ، چۆن ئەتوانێ خوای خۆی بناسێ ؟ ! ! «من عرف نفسه فقد عرف ربه»** ، سۆفییەکی ڕێبازی **ئیسحاقیش وتوویەتی «هەرکە وێش ناسا (محمد) ئاسا ، بێ‌شك ئەو کەسیچ مەولا شوناسا» .**

(شێخ محمد أمین کوردی) **وتوویەتی «شەریعەت درەختە ، تەریقەت لقو پۆپەکەیەتیو (حەقیقەت) بەرهەمەکەیو هەقیقەتیش خوا ناسی‌یە لە ڕێگای دەروونەوە کە بریتی‌یە لە** (تصوف)[٥٢] .

کەوابوو بیرو باوەڕی ئەم ڕێگا **خواناسی‌یەی تەسەوف** لە شەریعەتەوە پەیدا بووەو سۆفی‌یە شێتو شەیدا بووەکانی ئەم ڕێڕەوو ڕێبازانە ، خۆیان ئەکەنە پەروانەو وێڵن بە دوای شەمی ڕاستەقینەو دۆزینەوەیدا . لە کتێبە پیرۆزەکانی ڕێبازی سوڵتان ئیسحاق دەربارەی چەکەرە کردنی تەریقەت لە شەریعەتەوەو گەیشتن بە هەقیقەت هاتووە ئەڵێ :

«شەرت شەریعەت تەوفیق حەقەن
تەریقەت چاووش خەلق خالقەن»
«مەعریفەت موهرەن چە پەردەی سرپۆش
بەنابی یارەن جامەی نور نۆش»

«حەقیقەت بەریا شەریعەت لەنگەن
جەهان سەقام دەربەندەی یەك ڕەنگەن»(٥٣)

ئەڵێن لە تەسەوف‌دا بیدعەت واتە شتی تازە داهێنراو هەیەو بە گوێرەی ئایین نین ، وەکو وتەکانی برێ لە سۆفی مەسلەکەکانی وەك (بایەزیدی بەسطامی ، محی الدین عەرەبی ، منصور هەلاج ، شێخی ئیشراق . .) برێ هەڵس‌و کەوت‌و قسەی موریدانی ئەم گەورە پیاوانە بە تایبەت پاش مەرگی خۆیان ، گوایە وایان کردوە لەو گەورە پیاوانە وەکو ئەوەی شەریك بۆ خوا دابنرێن . قسەو وتەکانی ئەوانەیان بە (شطحات الصوفیة) چارەسەر کردوەو ئەڵێن چەند هۆیەك هەن بۆ وتنی قسەی بەو جۆرە وەك حاڵەتی نائاسایی‌و مەست بوون‌و کەشف بوونی ئەو شتانە لە پێش چاو کە خودای گەورە پێشانیان ئەدات . لە هەندێ مەقامەکانی تەسەوف‌دا بە تایبەت لە مەقامی (قورب)دا ، واتە نزیك بوونی بەندە لە خوای گەورە ، ئەڵێن ئەو کەسانەی ئەگەنە ئەم حاڵە بۆیان ناکرێ بە زمانێ توانایی هەبێت لەو شتانە بدوێن کە بینیویانە ، یاخود وشەیەك نی‌یە بۆ دەربڕینی ئەو دیمەنانەو ئەگەر کەسێکیش لێی بدوێ ئەڵێن ئەکەوێتە هەڵەوە ، وەکو ئەم پایەی (قورب)ە ، هەندێکیان لایان وایە ئەمە (حلول)ە ، یانێ دابەزینی ڕەوانی خۆشەویست لە ناو لەشی بەندەو برێکیان وایان زانیوە ئەمە (اتحاد) بوونە ، واتە یەك بوونی گیانی هەر دوولا . . خوداو بەندە. برێك وتوویانە ئەم حاڵی (قورب)ە ، بریتی‌یە لە (وصول) گەیشتنە لای خودا (وحدت وجود) .

(شاهی نەقشبەند) دەربارەی حاڵی (قورب)وتوویەتی :

**«ئەی زاهیدی زاهیر بین ئەز قورب چە میپورسی
تو دەر مەنو دەر وەی چون بوو بە گولاب ئەندەر»(٥٤)** .

دانەری کتێبی (تصوف) ماموستا ئەمین نەقشبەندی لە شی کردنەوەی واتای ئەو دوو دێرەدا ئەنووسێ «واتە ئەی زاهیدی زاهیر بین ، تۆ سەبارەت بە (قورب) چی لە من پرسیار ئەکەیت . . ئەو لە منەوەو من لەوەوە ئەوەندە نزیکین وەکو بۆنی گوڵاوو ئاوی گوڵاو»(٥٥) . بەلای هەندێ کەسەوە ئەم ڕێبازەی ئیسحاق بیدعەتی تێدایە ! ئێمە ئەڵێین هەر یەکێك لە گەورە پیاوانی ڕێبازەکان جۆرە خورەوشت‌و دەستوورو سیستەمی تایبەتی خۆیان هەیەو بۆ موریدانیان بڕیاریان داوە . موریدانیش بە پێی دەستوورەکانی ئەو سەر زنجیرەیە ئەو جۆرە زیکرو موناجات و بازنە ئایینی‌یە ئەڕۆن بە ڕێوەو ڕەوشتی پێ ئەکەن . سوڵتان ئیسحاق کە سەر زنجیرەی (ئەهل هەق)ە ، جۆرە ڕێگاو ڕەوشتێکی بۆ موریدانی ڕێبازەکەی پەسەندو ئەنجام داوە ، کە هیچ کاتێ ناشێ لە چوار چێوەی ئیسلامەتی لای دابێ . ئەو جۆرە بیدعەتەی کە وتراوە لەم ڕێبازە سۆفیزمی‌یە بۆنی دێت ، لەوانەیە هەر ئەو باسە بێت کە لە حاڵی (قورب)دا لێی دواین . بۆ ئەوەی بە ئیسحاق‌و ڕێڕەو ڕێبازەکەی ئاشنا بین ئەڵێین : سوڵتان ئیسحاق هاتووە ڕێبازێکی خواناسی داناوە ، بەو هیوای گەیاندنی موریدانی بە سەرچاوەی خواناسی‌و نەرێت‌و زیکرو فیکری جۆری خواناسینەکەی بە زاری (ماچۆ)(٥٦)ی گۆرانی کوردی‌و تێکەڵاو بە زاری (هەورامی) و (کرمانجی خواروو) ، بە نەزمێکی جوان‌و خاوێن‌و بە شێوەیەکی هۆنراوە یاسروود ، بە کێشی خۆماڵی (پەنجە) ڕێك خستووە . . بۆ ئەوەی موریدانی بتوانن بە ئاسانی لە بەری بکەن بە تایبەت بۆ نەخوێندەوارەکان لەو سەردەمەدا ، پاشان ڕەوشتی پێ بکەن . دیارە ئەو زەمان‌و سەردەمەش زاری (گۆران) لە شارەزوورو هەورامان باو بووە . ئەڵێن بایەزیدی بەسطامی وتوویەتی:«هەر کەسێ پیرو ڕابەرێکی نەبێ ، شەیتان ئەبێتە ڕێ بەری» . سوڵتان ئیسحاقیش پیرو ڕابەری بۆ موریدانی دیاری کردووە ، بەوەی هەر یەکێك لەم ڕێبازە پیرو ڕابەرێکی هەیە بەو هیوایەی بگەنە سەرچاوەی ڕاستی خواناسی‌و هەقیقەت‌و دەرونیان پەیوەندی پیرو دەلیل کردووە ، ئەو پیرو دەلیلەی لە دەروونەوە پەیوەندە بە ڕوحانیەتی ڕێبەری گەورەمان (محمد د . خ) ، کە بێ گومان ڕۆحی پاکی ئەویش بێ واسیتە پەیوەندە بە سەرچاوەی نوورو لوتفی خوداوە .

سۆفی‌بەتی کەرەستەی زمان‌و زاراوەی تایبەتی خۆی هەیەو

پەیرەوی ئەکرێت لە بازنەی زیکرو خواناسیو کۆڕو بەزمی سۆفی یاندا . لەبەر ئەوەی سەرچاوەی تەسەوف ئەگەڕێتەوە بۆ شەریعەتی ئیسلامو قورئانی پیرۆز ، زۆربەی زاراوەکانی سوفیزم بەزمانی عەرەبی یەو لە ئایەتە پیرۆزەکانەوە وەر گیراونو لەناو سۆفی یانو ڕێبازەکان دا باون . ئەو ڕێبازو ڕێڕەوانەش لە ناو هەر میللەتێك دا پەیدا بووبێ ، هەندێ جار زاراوەی داتاشروی پێویستیان بۆ دروست کردوە ، بە تایبەت لە ناو گەلانی موسڵمانی وەك کوردو فارس و هیند . . هتد .

لە ناو ڕێبازی (ئەهل هەق)ی سوڵتان ئیسحاق ، زاراوەیەکی زۆری سۆفیزمی هەنو بڕێکیان کوردی یەکی ڕەسەنەو هەندێکیشیان لە عەرەبی یەوە وەرگێڕدراون ، یان سادە عەرەبین . . زاراوەی (تەمەسووك)یان ، بەم جۆرە وتووە (لووا وە دەس) یانی دەستگیر بوون بەم ڕێبازەو تەمەسووك کردن بە پیرو ڕابەرێکەوە . یان (مورید)یان بەواتای (یار ، برا) وتووە . شێخ بە واتای (پیر)و ، (خەلیفە) بە واتای (مام) . یان بە (بەیعەت)و (عەهد) پەشیمانیو بەڵێنو تەوبەو عەهدو ئەنجام دانیان وتووە (بیابەست) ، کە بریتی یە لەو بەڵێنو پەیمانەی لە شاری پردیوەری دێرین لە نێوانی سوڵتان ئیسحاقو موریدانی ئەنجام دراوە . یان بە (موکاشەفە)یان وتووە (چەم داری) چاو پێ کەوتن بە چاوی دەروون . یاخود ئەم مقامانەیان بەم شێوە وەرگێڕاوەتە کوردی (قەناعەت = ڕازی بی یە) ، (شوکر = شوکرانە) ، (تەوەککول = پشت بەستە) ، (خەوفو ڕجا = لاڵە کەردە) ، (صیدق = ڕاستی) . . هتد . لە گەڵ ئەمانەش دا ئەم ڕێبازەی سوڵتان کە ڕێگایەکی تەسەوف گرتووەتە خۆی ، ڕێگایەکی پاکی خواناسی یەو خۆ دوور گرتنە لە کردارو کردەوەی چەوتو نارەوا ، پاك کردنەوەی دڵو دەروونو گەیشتنی بە سەرچاوەی ڕاستی خواناسیو نەگرتنی ڕێگای شەیتانو گومڕا بوونو وتنی بەدڵو دەروون (قل هو الله أحد الله الصمد لم یلد ولم یولد ولم یکن له کفواً احد) (٥٧) ، یان هەموو دەم وتنی (هو الأول والاخر والظاهر والباطن وهو بکل شیئ علیم) (٥٨) .

**گیانی هاوبەشیو دەستی یارمەتی لە نێوانی یارانی ڕێبازەکە :**

ئەو دەستوورو سیستەمە پاكو خاوێنەی سوڵتان دایمەزراند لە ناو یارانی دا بریتی بوون لەمانە : هەر برایەك پێویستە یارمەتی براکەی بداتو باری لاری ڕاست بکاتەوە ، زیانو قازانج هی هەموو برایەکە . سامانو دارایی و سەروەتی پیرو دەلیلو مورید ، هەمووی سەر بە گرۆی ئەهلی هەقە . کەس دەوڵەمەندو کەس هەژار نی یە . بەشی پیرو دەلیلو مورید وەکو یەکە . شێوەی ژیانی هاوبەشیو هاریکاری کردن لە ناو یەك داو گەلێکی دی . . گرۆی یارانی ئیسحاق لە ناو یەك دا زۆر بە پتەو یەکیان گرتووە ، لە هەموو بابەتێك دا . . ببینە لە شینو شایی یەکتردا بەشدارن ، ئەوی کەسێکی مردبێ هەموو یاران دەستی یارمەتی بۆ ئەو خێزانە درێژ ئەکەنو شەریکی غەمی ڕاستەقینەن . ببینە ئەوی لە گرۆی ئەم ڕێبازە بیو شایی کردبیو بە تەمای پێکەوەنانی خێزانێکی یاری بیو تازە بەم کارەی هەڵسابێ ، چەندە دیاری لە لایەن برایانی ڕێبازەوە پێ ئەبەخشرێ . ببینەو بزانە کەسێکی ئەم گرۆ پاکەی ئیسحاق لە کوچەو بازارەکان دا دەستی هەژاریو نەداری پان کردووەتەوە ؟ ! پیرو مورشید خەلیفەو موریدیان بە ئارەق ناوچاوانی خۆیان نان پەیدا ئەکەنو هەموو پێکرا ڕەنج دەرن ، کەسیان تەبووەتە بار بەسەر ئەوی ترەوە . ئەمانە هەموو مانای یەك گرتنو کۆمەك بوونی ئەم گرۆ کوردەواری یە ئەخەنە پێش چاو . بوونی گیانی هاوبەشی وای لێیان کردووە کە کەسیان خۆی بە خاوەن ماڵ نەزانێ . زۆرجار جۆرە خواردنێك ، یا میوەیەکیان بووە بەیەکسانی بەسەر یەك دا دابەشیان کردووەو خواردوویانە ، کەس کەمو زیادی نەبردووە ، بەشی گەورەو منداڵو پیاو ئافرەت وەکو یەکە . ئەوەی پیویستی بە ماڵو پارە بووبێ هەموو برایەك بەشداری کردووەو باری لاری ئەو یارەیان پێ ڕاست کردووەتەوە . زۆرجار پارەیان کۆکردوەتەوە بۆ چاك کردنی تەکیەو نەزرگاکانیان .

**مافی ئافرەت لە کۆمەڵگای ئیسحاقدا :**

یەکسانی مافی ئافرەتو پیاوو نەبوونی جیاوازی لە نیوان

ئەرکو مافەکانیانداو تیٚ روانینیان بە شیٚوەی خوشکو براو نەبوونی دڵ پیسی‌و ناپاکی لە نیٚوانیاندا ، سەربەستی‌یەکی جوانی بۆ ئافرەتی گرۆی ڕیٚبازەکە دابین کردووە . ئافرەتیان تا رادەیەك سەربەست بووە لە هەڵبژاردنی هاوسەری‌و پرسیان پیٚ کردووە . لەبەر ئەوەی هەموو ئەهلی هەق پیرو دەلیل‌و موریدی یەکترن‌و هەر لەیەکەم ڕۆژەوە کراونەتە خوشكو برای یەکترو کەسیش دڵ پیسی لەوی دی ناکات ، بۆیە ئەگەر لە ئاهەنگو مەراسیمی ئایینی‌دا کۆ بوونەوە . . کەس بە چاوی خراپ ناروانیٚتە ئەوی دی‌و تیٚکەڵاو بوونی ئافرەت‌و بەشدار بوونی لەم کۆڕو مەراسیمە ئایینی یانەدا ، دیارە دانی بە مافی ئافرەتدا داناوە (هەر چەندە ئافرەت ناچیٚتە ناو کۆڕو حەلقەی زیکرەوە لە گەڵ پیاوان) . ئەم مافی ئافرەتەش لە لایەن دوژمن‌و ناحەزانەوە کراوەتە چەکیٚك بۆ بەرپا کردنی پڕۆ پاگەندە دژیان‌و تاوانبار کردنیان بە وەی ئیباحین‌و ئافرەتیان هی هەمووانە ! ! [٥٩] دیارە ئەمەش لەوەوە بەرپا بووە کە گرۆی ئەهلی هەق لە ناو کوردەواری‌یەکی دوا کەوتووی ئەو دەمەی کوردستاندا پەیدا بووەو خەڵکەکەش بەو جۆرە سەربەستی‌یەی ئافرەتیان نەزانیوە ، هەر چەندە ئافرەتی کورد بەگشتی لە ناو کوردەواری‌دا جۆرە سەربەستی‌و مافیٚکی هەیە ، ڕوو پۆش‌و عەبا بەکار نەهیٚنانی‌و بەشداری کاروباری ناوخۆی خیٚزان ئەکات‌و باری ئەرکی سەر شانی میٚردەکەی سووك ئەکات بە بەشدار بوونی لە کشتوکاڵ‌و هیٚنانی بەروو بووم .

**ڕەوشتی ئەم گرۆیەی ئیسحاق :**

دەست‌و داوین‌و زمان پاکی‌و نزیك نەکەوتنەوە لە دزو درۆزن‌و پیاو کوژو بوختیان ، سەر ڕاستی لە کارو کاسبی‌و مامەڵەداو تەماع کاری نەکردن‌و نەبڕینی دەستی ئەم‌و ئەو . هەموو برایەك لەم گرۆیە پیٚویستە لە سەری لە فەرمانەکانی سوڵتان ئیسحاق‌و یارانی دەر نەچی‌و ڕیزی برایی تیٚك نەدات ، هەر لەبەر ئەمەش بووە کەم جار تیٚکەڵاوی کۆمەڵانی غەیری ڕیٚبازەکەی خۆیان بوونەو کەم هاوڕیٚتی بیٚگانەیان کردووە . هەروەها دەستی یارمەتی دریٚژکردن بۆ هەژاران‌و لیٚ قەوماوان ، نواندنی کاری بەسوودی مرۆڤایەتی . .

**ڕیٚك خستنی خیٚزانەکانی ئەم گرۆیە :**

ئەو کارو بڕیارانەی سوڵتان ئیسحاق بۆ گرۆی ئەهلی هەق دەرکرد بۆ ڕیٚك خستنی خیٚزانەکانیان‌و نەبوونی دڵ پیسی‌و تەماع کاری کردن لە ناموسی یەکترو ژیان وەکوو برا بەم شیٚوەیە بوو ، یەکەم : یاربی = برایی . وشەی یار واتە برا ، یاران واتە براکان‌و مەبەست لە یاربی واتە هەموو یەکیٚك لەم گرۆیە یارو برای ئەوی ترەو هەموو پیٚکڕا خوشك‌و بران‌و لە کۆمەڵیٚکی پاك‌و دوور لە زینا کردن‌دا ئەژین‌و کەس چاوی لە ماڵ‌و ناموسی ئەوی دی نی‌یەو کاری چەوت بە بیری کەس‌دا نایەت . مافی ئافرەت‌و پیاویش لە زۆر ڕووەوە وەکو یەکە . نەبوونی جیاوازی لە نیٚوانی سەییدو مەنسوب‌و مەحسوب‌دا ، لە نیٚوانی (سەییدو مام‌وباوەو ئۆمی)دا ، لە نیٚوانی ئەوانەی هاتنە ڕیزی ڕیٚبازەکەوە لە تیرەو هوزەکانی (جاف ، زەنگەنە ، زیٚرین‌گەر ، لەك ، چوڵمەك ، ئومەرمل ، شوان ، سازانی ، لاجانی . .) . بۆ زۆر بوونی ئەم گرۆیەو ژن‌خواستنیان‌و تیٚك نەدانی پلەو شویٚنی ئایینی هەر خیٚزانیك‌و مانەوەیان بە بیٚ خەوشی‌و بۆ هیٚنانەدی مەراسیمی ئایینی‌و تیٚك نەدانی ڕیٚچکەی ڕیٚبازەکە چەند بڕیاریٚك دراوە بۆ خیٚزانەکانی ڕیٚبازەکە ، پیٚش ئەوەی خیٚزانەکانتان پیٚ بناسیٚنین ئەبیٚ پیٚناسەیەکی (مورید)ی ئەم ڕیٚبازە بکەین‌و بزانین بەکیٚ ئەوتریٚ مورید ؟

**مورید :**

واتە خوداویست ، ئەوەی ئەیەویٚ لە خودا نزیك بیٚتەوەو بگاتە سەرچاوەی پاکی خواناسی پیٚ ئەڵیٚن مورید . مورید لەم ڕیٚبازەدا شیوەیەکی تایبەتی تەمەسوك کردنی هەیە ، ئەویش ئەمەیە . . منداڵیٚك لە هەر خیٚزانیٚکی ئەم ڕیٚبازە هاتە دنیاوە یەکسەر بە خەلیفەو مورشیدیٚك ئەسپیٚردریٚ . ئەمەش مانای وایە هەر لە منداڵی‌یەوە ئەو (موریدە منداڵە) تەمەسووکی پیٚ ئەکریٚ‌و پیرو ڕابەریٚکی بۆ دابین ئەکریٚ‌و ئەوان ئەبنە لیٚ پرسراوی ئایینی .کاتیٚك پیٚ گەیشت ، ر دەمە لە لایەن خەلیفەوە

فێر دەکرێت‌و ئیتر پێویست بە تەوبە دادان ناکات . پاشان مورشید بە هەموو زانیاری‌یەکی خواناسی ڕێبازەکەی ئاشنا ئەکات . لەم ڕێبازەدا بە هەموو کەسی ئەوترێ مورید ، چونکی هەموو موریدی خودان‌و کەسیان‌موریدی‌ئەوی تر نی‌یە (مەگەر تەنها بۆ فێربوون‌و تەمەسووك کردن بێ کە ئەو کەسە ئەبێتە موریدی فلان پیر یا شێخ) ، تەمەسووك کردن بە مورشیدو خەلیفەوە بۆ ئەوە نی‌یە کەسانێکی زۆر ببنە نۆکەرو خزمەکاری گەورە پیاوی ئایینی‌و ئەویش خۆی بکاتە ئاغای دنیایی ! بەڵکو مەبەست لەم بازنە دانانە تەنها ئەوەیە موریدی تازە ، ئەوی تازە هاتووەتە ناو زنجیرەی ڕێبازەکە با بڵێین چەشنی گلۆپێکی (٦٠ واط) وایەو ناتوانێ خۆی لە سەرچاوەی کارەبا بدات ، چونکی ئەسووتێت‌و بەرگەی ناگرێت . لێرەدا مورشیدو خەلیفە دانراوە وەکو (محوله) یەك‌و ئەو گلۆپە خۆی پێوە بەند ئەکات بۆ ئەوەی بەهرە مەند بێ‌و نەسوتێ‌و بگاتە سەرچاوە . بەڵام هەندێ جا(محوله)یەك‌و لەوانە کار ناکات واتە هەندێ مورشید هەن کامڵ نین‌و ناتوانن خەڵکی ڕێنموونی بکەن‌و موریدانیان بگەیێننە سەرچاوە . بۆیە پێویستە لەسەر ئەو موریدە خۆی لەو جۆرە مورشیدە رزگار بکات‌و مورشیدێکی ڕاستەقینە بدۆزێتەوە .

**خێزانی سەییدەکان :**

«خەڵکی بڕوایان بە ڕەچەڵەکی خۆیان هەیە» ، ئەمانە نەوەی سوڵتان ئیسحاق شێخ (عیسێی بەرزنجی)ن[٦٠] . سوڵتان حەوت کوڕی هەبووە ناسراون بە (هەفتەوانە = حەوتەوانە) پێنجیان ژنیان هێناوەو سەییدەکانی ئەم ڕێبازەیان لێ کەوتووەتەوە . لە پێش دا ژنیان لە ساداتی بەرزنجە هێناوە تا چەند پشتێك ، پاشان لە ناو یەکتردا ژن‌و ژن خوازی‌یان کردووە . بە گوێرەی فەرمانێکی یەکەم ڕۆژ دەرکراوی سوڵتان ئیسحاق ، ئیتر ئەو پەیوەندی ژن لە یەکتر خواستنەیان لێ قەدەغە بووە . واتە پێنج خێزانی (میرێی ، میری‌سوور) ، (ئیبراهیمی) ، (مصطەفایی) ، (حاجی باوەیسێ) ، (عبد الوفایی) نابێ لە یەکتر ژن بهێنن ، بەڵکو ئەبێ هەر یەکێك لەو خێزانانە ژن لە بنەماڵەکانی خۆیان بخوازن . ئەمەش بۆ ئەوە بووە تا ڕەچەڵەك‌و ڕشتەی ئەو پێنج زاتە ون نەبن‌و بە خاوێنی بمێننەوە ، هەر چەند هێشتا سەد لەسەد ئەم بڕیارە پەیڕەوی نەکراوە ! . . بڕیارێکی تری سوڵتان بریتی بووە لە نەخواستن‌و هاوبەشی کردنی کچی پیرو دەلیل‌و مورید . . واتە هەر ئەندامێکی ئەو پێنج خێزانە بۆی نی‌یە لە گەڵ پیرو خەلیفەو موریدی خۆی ژن‌خوازی بکات ، ئەمەش بۆ پەیدانی نەبوونی زینا کردن لە ناو کۆمەڵگا کەیان‌و تێك نەدانی ڕێڕەوی (یاری — المواخاة) و لە یاد نەبردنی تەمەسووك کردنیان بە یەکتر . ئەمەش دەقی ئەو قسەیەی سوڵتان ئیسحاقە کە لەم بارەیەوە فەرموویەتی :

**ئـــەو دەست یـــەکتر بـــلـــدێ وە (وەتـــەن)**
**وێـــان پـــەی وێـــان جـــفت بودێ بێ فـــەن**
**نـــە یـــەك بوازدێ چـــە ڕای سەنگ‌و مـــەن**
**سەرتـــان ئـــەو یـــەك (حـــەلاڵ) بۆ پـــەسەن**
**نـــەوا نـــەسڵتـــان تـــەخـلـیـط ببۆ لـــەنگ**
**نـــەوا چون بـــەقـــەم بگێلۆتـــان ڕەنگ[٦١]**

**خێزانی مام‌و (خەلیفە) کان :**

ئیسحاق ئیجازەی بە حەوت خەلیفەی بنەڕەتی ئەم ڕێبازە داوەو بوونەتە مورشیدو ڕێبەر ، واتە هەم خۆیان پێ گەیشتوون‌و هەم توانیویانە خەڵکی پێ بگەێنن . نەوەی ئەمانە بە خەلیفە نێو ئەبرێن‌و ڕوخسەتیان دراوەتێ بۆ جێ نشینی کردنی مورشیدو فێرکردنی ڕێڕەو ڕێبازەکە وەك ئەڵێن تەوبەی مورید دائەدات . نەوەی ئەم خەلیفانە بۆیان نی‌یە ژن لە مورشیدو پیرەکانیان بخوازن‌و ڕێسای بنەڕەتی ڕێبازەکە لەنگ بکەن . ماڤی ئەوەشیان نی‌یە لە موریدانیان هاوسەر پەیدا بکەن . ئەمانە لە سەرەتادا لە بێگانە ژن‌و ژن خوازی‌یان کردووە ، پاشان هەر یەکەیان لە خانەوادەی تایبەتی خۆیان وەکو سەییدەکان هاوسەریان هەڵبژاردووە .

**خێزانی باباکان (باوە) :** لە پلە ئایینی‌یە پیرۆزەکانی سەر بەم ڕێبازەن‌و یەکێکن لەوانەی بە خزمەت‌و خەلاتی سوڵتان



گۆڕی پیرۆزی بابا یادگار ◁

ئیسحاق گەیشتوون بە هۆی دوو زاتی بە ناوبانگیان ، بابا یادگارو بابا حەیدەر . ئەمانە بە هۆی خواناسی و پێگەیشتنیان گەلێ کاری کەشف و کەراماتیان نواندووەو خەڵکێکی چاکیان هێناوەتە سەر ڕێبازەکە . بابا یادگار کە زاتێکی خاوەن کەراماتی گەورە بووە لە سەردەمی سوڵتان داو یەکێك بووە لە یارە خۆشەویستەکانی و لە لایەن ئەوەوە خەڵات کراوەو پایەو پلەی خۆی وەر گرتووە ، لەم بارەیەوە لە کتێبە پیرۆزەکانی ئەهلی هەق دا هاتووە ئەڵێ :

«بەرگ خود ڕەنگی (یادگار) پۆشا
غولامان دیشان (شاهـ) پەنەش بەخشا»
«بەرگ خود ڕەنگی کەرد وە خەلاتش
(کورد) و (کوردستان) دا وە بەراتش»
«وەو بەرگ خود ڕەنگ خەڵات شاوە
نی چە (پردیوەر) ئاما وە ڕاوە»
«چەنی کوچەکان پێ خوردو پێ خواو
ئەو یار (یادگار) ئاماوە (زەهاو)»
«قەدەمگا هەنەن نەو بەند مەغار
بی وە مەنزڵگای یار یادگار»(٦٢)

**بازنە ئایینی‌یەکانی ڕێبازەکە :**

ئیسحاق بۆ مەبەستی کۆڕ بەستن و زیکر کردنی خودای گەورە ، چەند بازنەیەکی داناوەو ئەو بازنانەش هەموو پێکەوە ئەبەسترێنەوەو یەك بازنەگەی گەورەی خواناسین پێك دێنن . بەم چەشنە ئەتوانین بڵێین یارەکانی خۆی بازنەیەکن و ناوێکی بە سەریاندا دابڕیوەو ئەرك و فرمانێکی پێ ڕاسپاردوون و بە بازنەی (هەفتەن) ناسراون ، پاشان چەند بازنەیەکی تر دێن بەم چەشنە (هەفتەوانە ، هەفت‌خەلیفە ، ٧٢ پیر ، ٩٩ پیری هەورامان . .) ـ لە ڕاستی‌دا ئەمانەی هێناوەو کردوونی بە مورشیدو دەلیل و ڕێ پیشان دەری گۆرانەکانی شارەزوورو هەورامان و بە چەند ناوچەو شوێنێك دا بلاویانی کردووەتەوە . زۆربەی ئەمانە لەناو کوردەواری‌یەوە هاتوون بۆ خزمەتی و تێکەڵ ڕێبازەکە بوونەو بە خەلاتی خۆیان گەیشتوون .

**نەوەکانی سوڵتان ئیسحاق :**

١ – سید أحمدی میری : نازناو بە (میری سوور) ئەڵێن لە گوندی (هاوارە کۆن) مەدفوونە .

٢ – سید محمدی لێو ڕۆخانە : نازناو بە (سید محمدی گەورە سوار) .

٣ – سید مصطفی : نازناو بە (سپی پۆش) ، لە گوندی داودان مەدفوونە .

٤ – سید عبد الوفاء : نازناو بە (وەفایی) ، ئەڵێن لە هەمەدان مەدفوونە

٥ – سید حاجی باوەیسێ : نازناو بە (عەلەمدار) ، لە گوندی شێخان مەدفوونە .

٦ – سید شهاب الدین : نەوەی لێ نەکەوتووەتەوە ، لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە .

٧ – سید حبیب شاه : نەوەی نی‌یە ، لە گوندی شێخان مەدفوونە .

**نەوەی کوڕەکانی سوڵتان ئیسحاق :**

١ – نەوەکانی سید أحمدی میری سوور ئەمانەن : (سید ضیاء الدین = زیاد الدین) و (سید قدرت) .

٢ – نەوەکانی سید محمدی لێو ڕۆخانە ئەمانەن : (سیدیا شا

ئیبراهیم) گەورەی سەییدەکانی ئیبراهیمی یەو لە شاری بەغدا لە گەرەکی (شێخ عومەر) مەدفوونەو زیارەتگای یارانە . ئەم زاتە سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (میرەبەگ ، قانوونبەگ ، قەڵەندەر بەگ) ، لە سید میرەبەگ (ئیمام ئەحمەدی کەرکووکی) کەوتووەتەوەو ئارامگای ئەم زاتە ئەکەوێتە ناو شاری کەرکوك ، نزیك بە خانی خورماکەو زیارەتگای یارانەو بە (خان ئەحمە) یش ئەناسرێ . هەروەها (حەمزە بەگ ، شاعەلی میرزا ، حەیدەر بەگ ، خوبیار) لە نەوەی میرەبەگن . نەوەکانی قانوون بەگ ئەمانەن : سید عەلی ، یاریجان . شا ئیبراهیم لە شاری بەغدا جێگیر ئەبێ‌و زۆر کەراماتی لێ ئەبیندرێ ، جارێکیان کابرایەکی تورکی تەبریزی کە ناوی خانەوادەکەیان بە (قوشچی) ناسراو بووە ، کوڕێکیان بووە بە ناوی (یعقوب قوشچی أوغلی) یەوە ، لاڵ‌و کەر بووەو هیچ چارەیەکی نەکراوە لای شێخ‌و سەییدەکانی ولاتەکەی . شەوێ یەکێك لە خێزانەکەیان لە خەویا پێی ئەڵێن کورەکەتان بەرن بۆ خزمەتی شا ئیبراهیم لە شاری بەغدا ، با ببینێ بەڵکو بە لوطفی خودا لە سەر دەستی ئەودا شفای چاك بوونەوەی بۆ بێ ؟ ئەوانیش لە تەبریزەوە ئەکەونە رێ‌و بەرەو بەغداو کورەکەیان دێنن‌و دێن بۆ لای شا ئیبراهیم کاتێ چاوەکانی یعقوب قوشچی ئۆغلی ئەکەوێتە شا ئیبراهیم ، بە لوطفی خوا یەکسەر زمانی دێتە قسەو گویچکەکانی ئەبیستن‌و دەست ئەکاتە ستایش‌و سروود هەڵدان بە شان‌و بالای ئیسحاق‌و شا ئیبراهیمی نەوەی بۆ کارو کردەوەو کەراماتی . ئەو سروودانە بە زمانی تورکی وتراون‌و تا ئێستاش ماون . هەر ئەم یەعقوب قوشچی یە بوو زۆر لە سروودە ئەدەبی‌و ئایینی یەکانی ڕێبازی سوڵتان ئیسحاق وەر گێڕاوەتە سەر زمانی تورکی ، لەمەوە گەلێ لە نەوەی ئەو قوشچی یە تورکانە دەستگیری ڕێبازەکە بوونە .

٣ – نەوەکانی سید مصطفی ئەمانەن : (سید خەسرەو ، سید بشارەت) .

٤ – نەوەکانی سید عبد الوفاء ئەمانەن : (سید خامۆش کە ناوبانگە بە پرچن) ، لە سید خامۆش کوڕی سید عبد الوفاء دوو کوڕ کەوتوونەتەوە بە ناوەکانی (سید جەوزی ، سید فەرزی) .

٥ – نەوەکانی حاجی باوەیسێ ئەمانەن : (سید محمود) لە خانەقین مەدفوونە بە ناوبانگە بە (باوە مەحمی) لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە .

**خەلیفە بنەرەتی یەکانی ڕێبازی ئیسحاق**

١ – خەلیفە محمدی شارەزووری ، ئەڵێن لە دێی شێخان مەدفوونە

٢ – خەلیفە شهاب الدین (شابەدین) ، لە شێخان کۆچی دوایی کردووە .

٣ – خەلیفە عبد العزیز (عزیز) ، لە دینەوەر لە دایك بووە

٤ – خەلیفە شاشا ، لە شارەزوور لە دایك بووە

٥ – خەلیفە عبد الامیر (أمیر) ، لە شارەزوور لە دایك بووە

٦ – خەلیفە باپیر ، لە (دینەوەر) لە دایك بووە .

٧ – خەلیفە عبد الجبار (جەبار) ، لە شێخان لە دایك بووە .

**نووسراوە ئەدەبی‌و ئایینی یەکانی ڕێبازەکە :**

ئەو بەرهەمە نووسراوانەی بە درێژایی مێژوو لای کۆمەڵگای ئەهلی هەق پارێزراون ، بە نووسراوێکی پیرۆزی ئایینی دەژمێردرێن ، بەزاری (گۆران)ی زمانی کوردی هۆنراونەتەوە کە بریتین لە سروودی (خۆماڵی = کێشی پەنجە) . وتنیان ئەگەڕێتەوە بۆ ئیسحاق بەرزنجی‌و ڕێرەوو پێشڕەوو پیرانی ڕێبازەکە ، لە سەرەتای سەدەی هەشتەمی کۆچی نووسراونەتەوە . هۆی نووسینیان بە شێوەی هۆنراوەو سروود ، ئەگەڕێتەوە بۆ بازارە گەورەکەی شارەزوور کە مەیدانی ئاڵ‌و گۆڕ کردنی ئەدەب‌و شیعرو موسیقاو بیرو باوەری سۆفیزمی بووە ، جگە لەوەی بازارێکی گرنگ‌و گەورەی ئاڵ‌و گۆڕ کردنی شت‌و مەکی بازرگانیش بوو بێت . لە ئیمارەتی ئەردەڵاندا زاری گۆران لە لایەن بابا ئەردەڵانەوە ببوو ب

زمانێکی ڕەسمی ئیارەتەکەی . زاری گۆران زمانی ئەدەبو شیعرو ڕێبازە ئایینی یەکانی ئەو ناوچانە بووە . کتێبە پیرۆزەکانی ئیسحاقو ڕێبازی بەو زارەی گۆران باسی یەکێتی خوداو هاتنی پێغەمبەری ئیسلام ئەکەنو ڕەواج بوونی ئایینی ئیسلامو باسی ئاسمانو زەویو سازاندنی فریشتەکانو ئادەمو حەوا ئەکەن کە لە ناوەڕۆکی قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە وەرگیراون . هەروەها باسی خورەوشتو حەرامو حەڵاڵو ئەرکەکانی ڕێبازو مەراسیمی ئایینیو باسی پیرو دەلیلو موریدو چۆنیەتی تەمەسوك کردن بە پیرەوەو پێك هێنانی برایەتیو هەرەوەز. باسی مەنصوری هەلاجو چەند فەلسەفەیەکی سۆفیزمی . . وشەی نووسراوەکان تامو بۆنی ڕەسەنایەتی زاری گۆرانیان پاراستووەو هەندێ جاریش .لە ژێر کاریگەری زارەکانی لەکیو لوری هەورامانیو کرمانجی خوارووداںو ئەم نووسراوانە لە کاتی خۆیدا بە تەواوی کۆنەکراونو کەسێکیش نەبووە بتوانێ هەموو کەشکۆڵەکان بە شایەتی چەند کەسێك بکاتە یەکو بتوانێ جوداپی لە نێوانیان دا بەدی نەکرێ . ئەمڕۆ هەندێ جیاوازی پێش چاو دەکەوێ کە زۆر کاریگەر نین بە تایبەتی لە گۆڕینی دەنگەکانی وەك (ژە = چە = لە) ، یاخود ناوی کەسەکانو هەندێ لایەنی تر . .

ئەدەبیاتی ئایینی ڕێبازەکە هەموو بە زاری گۆران یاخود وەك خۆیان ئەڵێن بە شێوە زاری (ماچۆ)ی گۆران وتراون . لە گەڵ ئەم زارەش‌دا شێوەی کرمانجی شارباژێر بەکار هێنراوە ، بەڵام دیارە ئەدەبیاتی نووسراوی کلاسیکی گۆران پێشی کەوتووە بەوەی کاتێ سوڵتان چووە مەڵبەندی گۆرانەکان سوودی لە زمانەکەیان وەرگرت کە زمانی دایكو خاڵوانیەتیو کردیە زمانێکی ڕەسمی ڕێبازەکەی . جا ئەبینین سوڵتان بە زاری گۆران هاتووەتە ئاخاوتنو کەم جار بە شێوەی کرمانجی شارباژێر دواوە . ئەو گفتو گۆ ئەدەبیو ئایینی یەی نێوانی خۆیو (عابەدین)[٦٣] جوانترین قاڵبی دارشتنی شیعرو ئەدەبی یاتە ، عابەدین بلیمەتترینو خۆشخوانترین کەسێکە لە ناو یارانی

سوڵتان دا کە هاتووە بەرامبەری سوڵتانی گرتووەو جوانترینو بە نرخترین ملوانکەی شیعری سۆفیزمی نەخشاندووە ، گەرچی قسەکانی لە کاتی (جەزبە = حاڵ) لێ هاتنی‌دا وتووەو برێ (شطحات)ی قسەی سەر سوڕ هێنەری هاتووەتە سەر زارو دەرکاندووە ! کاتێکیش هاتووەتە سەر هۆشی خۆی لەو جۆرە قسانەوە دوور بووە ، لێرەدا ئەڵێ :

«ئازیز باوانە . .

**ئـــازیـــز هـــەر تۆمی بـــراو بـــاوانـــە**
**دەخـــیـــل لـــێـم مـــەگرە خـــەتـــاو تـــاوانـــە**
**کوێرت کـــردبووم تۆ لـــە چـــاوانـــە**
**بـــەڵەدیم نـــەبوو لـــەم ڕێگاو بـــانـــە»[٦٤]**

**پەراوێزەکان :**

٤٠ – هەمان سەرچاوە بەرگی شەشەم . ل ٤٢ بەشی تەیموور

٤١ – زانیاری تایبەتی ، بریتی‌یە لە فەرموودەی پیرقانون شامیو یەکێکە لە پیرانی ٧٢ پیرە هەڵبژاردەکەی سوڵتان ئیسحاق .

٤٢ – بریتی‌یە لە وتەی سۆفی‌یەکی ڕێبازەکە .

٤٣ – کۆمەڵە شیعری مەلا عەباسی حیلمی کاکەیی . هەردەوێڵ کاکەیی ل ١١٤ .

٤٤ – بڕوانە العراق في التاريخ . داناني برێ پسپۆڕو مێژوونوس . چاپخانەی دار الحرية للطباعة بەغدا ١٩٨٣ ل ٥٨٥ – ٥٨٦ .

٤٥ – فەنا : «بریتی‌یە لە دوا پلەو دوا قۆناغی (سير الى الله) ، واتە ڕۆیشتن بۆ گەیشتن بە حەق» بڕوانە کتێبی تەصەووف چی‌یە ئەمین شێخ علاء الدين نەقشبەندی دار الحرية للطباعة بەغدا ١٩٨٥ ل ٢٦٥ .

٤٦ – بەقا : «بریتی‌یە لە سەرەتای دەست پێ کردنی (سير في الله) واتە گەیشتن بە مرازو بەهرەمەند بوون لە نوری حەقو بەر خوردار بوون لەو کەمالآت و دەست کەوتانەی کە لەو نزیکی‌یە دەست ئەکەوێت . . (سير في الله) کاتێ تەواو ئەبێت کە ڕێبوار لە مەڵبەند «وەتەن»ی هەمیشەیی خۆیو لە هەموو بەشێکی ئادەمی زادیەت بێتە دەرەوەو خۆی داماڵیو لە ڕێبازی ئاواتدا ڕوو بکاتە خوا . . مەڵبەند ، یان «وەتەن» بە جێ هێشتن ، دەس نیشانە بۆ ئەو قاڵبی ماددی جیسمە کە گیانی تیایە . .» بڕوانە سەرچاوەی پێشوو تەسەووف چی‌یە . ل ٢٦٥ .

٤٧ – چەند بوێژێکی جنێو فرۆش لەبەر هەر بەرژەوەندی یەك بووبێ ، هێرشیان بردووەتە سەر ڕێبازەکەو خەڵکە دەست گیر بووەکەی . . عبد الله حسن ناوێك ، هەرچی لە بازاڕی جەنگ سازیو کارگەکانی‌دا دروست ئەکرێو پەیدا ئەبێ ، لەم بوارەدا بەکاری هێناوە ، دیارە ئەو کاتەش خەڵکی بیری لەم جۆرە بابەتانە زیاتر کردوە ئەوەو گیرو گرفت یان بۆ خۆیان بەم بۆنەیەوە دۆزیوەتەوە «مورشید کامڵ پیر ئەویلە – دەیفەرموو مجە دینەکەت فێڵە» بڕوانە کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی . محەمەد عەلی قەرەداغی . بەرگی دووەم . دار الحرية للطباعة بەغدا ١٩٨٢ ل ٢٠٦ .

٤٨ – لێرەدا قسەیەکی پێشینان دێتەوەیاد کە ئەڵێ (تۆ چاکە بکەو بیدە بە ئاوە – باکەس

نەزانێ لای خوا نووسراوە).

٤٩ – بابا ناوزی سەرگەتی ٥٠٠ك ، هەوڵی داوە ئەم ڕێبازەی ئەهلی حەق بلاو بکاتەوەو بە کوردەکانی شارەزووری بناسێنێ ، بەڵام بۆی نەچووەتە سەر تا پەیدا بوونی ئیسحاق بەرزنجی . بابا ناوز کاتێ باسی بیرو باوەڕەکانی خۆی بۆ خەڵکی دێهاتەکانی سەرگەت و گوڵپەت و خورماڵ کردووە ، خەڵکی ئەویان بە شێت داوەتە قەڵەم و گوایە بۆی نامۆی لە قسەکانی بابا هاتووەو ناوچەکەی ورووژاندبوو ، بۆیە ناویان نا بە (بلە شێتەو ناوزە شێتە . .) .

٥٠ – هەستیارو بۆیژەکانی ڕێبازەکە هەندێ جار وڕێنەو قسەی نا ئاسایی لە زاریان دەر پەڕیوە لە کاتی جەزبە لێ هاتنیان . جا ئەو جۆرە شەطەحات و قسانە لە نێو نووسراوە ئاینییەکان تۆمار کراون بۆ ئەوەی دەستگیر بووی ڕێبازەکە بڕوایان بەو جۆرە دیمەنانە نەبێت و نەکەونە هەڵەوە ، پەشیمان بوونەوەی بوێژانی ئەو جۆرە کەسانەش پیشان دراوە .

٥١ – بڕوانە تەصەووف چی‌یە ، ئەمین شێخ علاء الدین نەقشبەندی ل ١٢٧ .

**٥٢ – هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٨٠ (زۆرم لەم کتێبە سوود بینی) .**

**٥٣ – بریتی‌یە لە فەرموودەی یەکێ لە یارانی ئیسحاق (زانیاری تایبەتی)**

**٥٤ – بڕوانە تەصەووف چی‌یە ل ٢٥٥**

**٥٥ – هەمان سەرچاوە ل ٢٥٦**

**٥٦ – (ماچۆ) . ئەو شێوەزارە گۆرانە کوردی‌یەیە . کە هۆزی کاکەیی عێراق پێی دەئاخێوێ . هەندێ لایان وایە . نووسراوی ئەدەبی و ئاینی ڕێبازی ئەهلی حەق بەم (ماچۆ ماچۆ) یەی گۆران ووتراون کە زمانی دایک و خاڵوانی سوڵتان ئیسحاق بووە .**

**٥٧ – قورئانی پیرۆز ئایەتی (١–٤) سورەتی الاخلاص**

**٥٨ – قورئانی پیرۆز ئایەتی (٣) سورەتی الحدید**

٥٩ – هەر دوو هاوسێ (تاڵەبانی وکاکەیی) هەندێ جار لە سەر ئاودێری و بابەتی زەوی‌وزار ، ناکۆکی لە نێوان ئاغەکانیان ڕووی داوە . شێخ ڕەزایش بە جنێو دەستی خۆی وەشاندووە .

٦٠ – دەربارەی شێخ عیسێ بەرزنجی وتوویانە دوازدە کوڕی هەبووە (عبد الکریم ، محمد ڕۆخانە ، محمد صادق ، محمد میری سوور ، سلطان اسحاق ، وصال الدین ، کمال الدین ، جمال الدین ، عباس ، بایزید ، حسن ، حسین) . بەڵام ئەوەی جێگای بڕوا بێ (سید محمد لێو ڕۆخانەو سید احمدی میری سوور) نەوەی سلطان ئیسحاقن بە هەڵە کراونەتە برای ! کتێبە پیرۆزەکانی ڕێبازەکە ئەم ڕاستی‌یە ئەدرکێنن و نەوەکانیان لەناو هۆزی کاکەیی ئەژین . یان ووتویانە سید محمدی میری سوور کوڕی (سید عیسی الأحدب)ە . بێ گومان ئەمەش هەڵەیە ، بەڵکو کوڕی ئیسحاقە . من ئەوەندەی لێ ئەزانم والعلم عند الله .

٦١ – دفتر رموز یارستان . سید قاسم ئیبراهیمی ل ٢٥–٢٦ بەشی گواهی غولامان .

٦٢ – هەمان سەرچاوە ل ٧١–٧٢ بەشی ئیبراهیم ویادگار .

٦٣ – (عابدین) وەك ئەڵێن مامۆستایەکی دوازدە عیلمی سەردەمی ئیسحاق بووە ، کوڕی نورالله جافە . کاتێ ئاشنای ڕێبازەکە بووە ، هاتووە بەرامبەری ئیسحاق گرتووەو زۆر پرسیاری سەر سوورهاوەری کردووەو پرسیوە ، هۆنراوە سۆفیزمی‌یەکانی هەندێ شەطەحات و قسەی نائاسایی تێدایە پێویست نی‌یە هەموو کەسێ بیخوێنێتەوە نەك بکەوێتە هەڵەوە .

٦٤ – دفتر رموز یارستان ل ٩٨ بەشی عابەدین باش چاوش .

## سەرچاوەکان


أ – بە عەرەبی :

١ – القران الکریم .

٢ – العراق في التاریخ : تألیف نخبة من المؤلفین . دار الحریة للطباعة بغداد ١٩٨٣ .

٣ – سی . جی . ادموندز :

کرد وترك وعرب . سی . جی . ادموندز . ترجمة جرجیس فتح الله مطبعة التایمس ، بغداد ١٩٧١ .

٤ – میجرسون :

رحلة متنکرة الی بلاد ما بین النهرین وکردستان . میجرسون . ترجمة فؤاد جمیل . الجزء الثاني مطبعة التایمس ، بغداد ١٩٧١ .

ب – بە کوردی :

١ – بەدلیسی ، شەرەفخان :

شەرەفنامە . شەرەف خانی بەدلیسی . وەرگێڕانی کۆڕی زانیاری کورد بەغدا ١٩٧٣ .

٢ – دکتور مارف خەزنەدار :

لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردی‌یەوە . دکتۆر مارف خەزنەدار . المؤسسة العامة للدعایة والطباعة بەغدا ١٩٨٤ ..

٣ – شێخ ئەمین نەقشبەندی :

تەصەووف چی‌یە . ئەمین شێخ علاء الدین نەقشبەندی دار الحریة للطباعة بغداد ١٩٨٥ .

٤ – عبد الکریم مدرس :

بنەماڵەی زانیاران مەلا عبد الکریمی مدرس چاپی‌یەکەم چاپخانەی شفیق بەغدا ١٩٨٤ .

٥ – محەمەد ئەمین هەورامانی :

کاکەیی . محمد ئەمین هەورامانی چاپخانەی الحوادث بەغدا ١٩٨٤ .

٦ – محەمەد ئەمین هەورامانی :

زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورددا . محمد ئەمین هەورامانی . دەزگای ڕۆشنبیری و بلاو کردنەوەی کوردی بەغدا ١٩٨١ .

٧ – محەمەد عەلی قەرەداغی :

کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی . محەمەد علی قەرەداغی بەرگی دووەم . دار الحریة للطباعة بغداد ١٩٨٢ .

٨ – مستەفا عەسکەری :

ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی (هەقە) . مستەفا عەسکەری . چاپخانەی علاء بەغدا ١٩٨٣ .

٩ – مینۆرسکی :

کورد ، تێبینی و وردبوونەوە . ڤلادیمێر مینۆرسکی ، وەرگێڕانی حمە سعید حەمەکریم . چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ١٩٨٤ .

١٠ – هەردەوێڵ کاکەیی :

کۆمەڵە شیعری مەلا عەباس حیلمی کاکەیی . طالب هەردەوێڵ کاکەیی . چاپخانەی أسعد بەغدا ١٩٨٤ .

جـ – بە فارسی :

١ – سید قاسم ئیبراهیمی :

دفتر رموز یارستان گنجینهٔ سلطان صحاك «اهل حق» سید قاسم افضلي شاه ابراهیمی چاپ تهران .

٢ – ما شاه الله سوری :

سرودهای دینی یارسان . ما شاه الله سوری چاپ تهران ١٣٤٤ی فارسی .

د – گۆڤارو ڕۆژنامەکان :

١ – گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد . چاپخانەی کۆڕی زانیاری‌کورد . بەرگی یەکەم بەغدا ١٩٧٣ .

٢ – گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق «دەستەی کورد» چاپخانەی کۆڕی زانیاری بەرگی حەوت بەغدا ١٩٨٠

٣ – ڕۆژنامەی ژین ژمارە (١٣٦١)ی ساڵ ورۆژی ١٩٥٧/٩/١٩ .

٤ – ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٨٤١)ی ساڵ ورۆژی ١٩٨٦/٥/٢٢ .